# Rent Account Statement

# ستەتمێنتی حسابی کرێنشین

ویست نۆرت هۆمس ستەیتمێنتی حسابی کرێنشین هەموو سێ مانگێک دەردەکات. ئەمە وردەی هەموو پولێک کە خراوەتە سەر حسابەکە لە سێ مانگی پێشوودا دەردەخات و هاوتای هەفتانەی حسابەکەش دەخاتەڕوو.

گەر تۆ هەر پرسیارێکت دەربارەی ستەیتمێنتەکە هەیە، تکایە تەلەفۆن بۆ 08009151113 یان 01133984708 بکە لە ڕۆژانی دووشەمان تا هەینی، کاتەکانی 8 پێشنیوەڕۆ تا 6 پاشنیوەڕۆ. ڕێیەکانی پولڕادەستکرن و زانیاری ورد دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕێنومایت دەکەن دەرپارەی پولْ لە ستەیتمێنتەکەدا هەیە.

.

# paying your rent ڕادەستکردنی کرێکانت

ئایا تۆ دەتزانی کە چەندین ڕێی ئاسان هەن بۆ ڕادەستکردنی کرێکانت؟ باشترین ڕێ بۆخۆت هەڵبژێرە.

## Direct Debit دایرێکت دیبت یان پوڵدان ڕاستەوخۆ لە باکەوە

ئەمە ئاسانترین ڕێی پوڵڕادەستکردنە، چیدی سەرە ناگریت. بەئاسانی فۆرمێک لە یەکێک لە ئۆفیسەکان وەربگرە، پڕی بکەرەوە و ڕەوانەی بکەرەوە. جارێکی دی پێویست ناکات سەرقاڵت بکات. تۆ دەکرێ هەفتانە یان مانگی ڕۆژمێر لە یەکی مانگەوە بۆ هەقدە کرێکان بدەیت. ئێمە خۆمان لە هەموو گۆڕانکارییەک ئاگادارت دەکەینەوە و لەیادیشی نەکەیت، دایرێکت دیبت گەرانتیە لەلایەن ئێمە و بانکەکەتەوە؛ هەر هەڵەیەک کرابێ ڕاستدەکرێتەوە.

## Standing Order ستاندین ئۆردەر



تۆ تەنیا پێویستە یەک فۆرم پڕبکەیتەوە، بینێریت بۆ بانکەکەی خۆت و ئیدی هەموو ساز دەبێ. فۆرمێک لە یەکێک لە ئۆفیسەکانمان وەربگرە. دەکرێ کەڵک لەم ڕێیە ببینیت بۆ پوڵ ڕادەستکردنی مانگانە. ستاندین ئۆردەر، وەک داریکت دیبیت نیە، لەلایەن خۆت و بانکەکەتەوە سازدەکرێ. لەژێر ڕکێفی خۆتدایە و، خۆت دەبێت بانکەکەت لە گشت گۆڕانکارییەک بەئاگابهێنیتەوە. ئەو ژمارەی ئاماژەیەی (ڕیفرێنس نەمبەر) کە پێویستە بینوسیت ئەمەیە: ئەی (A)، بەدویدا 9 دیجیت دێ، سۆرت کۆدی ئێمە 57–12–72 لەگەڵ ژمارەی حسابی بانکەکە (ئەکاونت نەمبەر) 00000000. بۆ زانیاری دەربارەی پوڵڕادەستکردنی مانگانە ئیمەیلمان بۆ بنێرە بە ئەدریسی hsg.debit/credit@leeds.gov.uk یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە 01132476192.

## By Telephone بەتەلەفۆن



ئەگەر تۆ دێبت کاردت هەیە، دەتوانیت بە تەلەفۆن پارەکە بدەیت. پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 01133957100 (کە 24 کاتژمێر کراوەیە) و کارتی بانکەکەت پێویستە. تکایە لە بیرت بێت کە ژمارەی کرێکەت (ڕیفرێنسەکەت) لە بیر بێت لەگەڵ ئەو برە پارەیەی کە تۆ دەتەوێت بیدەیت. ئەگەر دەخوازیت لەگەڵ فرمانبەرێکدا بدوێ ، ئەوا پێویستە تەلەفۆن بۆ یەکێک لەم دوو ژمارەیە بکەیت: 08009151113 یان 01133984708 ڕۆژانی دووشەمان تا هەینی لەنێوان 8 پێشنیوەڕۆ و 6 پاشنیوەڕۆدا.

## Telephone Banking بانک بەتەلەفۆن

تەلەفۆن بکە بۆ بانکەکەت یان بیلدن سۆسایەتیەکەت، پوڵڕادەستکردنەکە ڕاستەوخۆ دەکرێ. ئەو ژمارەی ریفرێنسە کە پێویستە بریتیە لە پیتی A پاشان ژمارە 9 سۆرد کۆدەکەمان: 72–12–57، ژمارە حسابیەکە: 00000000

## جیرۆبانکی پۆست ئۆفس / پای پۆینت / پەی زۆن
## Post Office Girobank / PayPoint / Payzone

تۆ دەتوانیت کرێکەت بەبێ بەرانبەر ڕادەست بکەیت لە هەر پۆست ئۆفیسێک یان هەر دوکانێک کە نیشانەی پەیپۆینت PayPoint یان پەیزۆنی Payzone هەڵواسیبێ. بۆ بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریە تۆ پێویستت بە کارتێکی بچوکی پلاستیک هەیە کە ناسراوە بە سواپ کارت Rent Swap Card. ئەگەر ئەم کارتەت نیە، ئەوا دەتوانیت لە بەشی خانووبەرەی ناوچەکەی خۆت وەریبگریت. تا ئەم کارتەت بە پۆست بە دەست دەگات حەوت تا دە ڕۆژ دەخایەنێت.

## Online Payments پوڵدان بەئینتەرنێت



تۆ دەتوانیت کرێکە لە ئینتەرنێتەوە بدەیت لەڕێی وێبسایتی www.leeds.gov.uk لە بەشی ئۆن لاین سێرڤیس.

## Salary / Wage Deduction بڕینەوە لە موچە و کرێ کارکردن

فرمانبەرانی شارەوانی شاری لیدز دەتوانن کرێکەیان لە ڕێی بڕینی کرێکە لە مووچەکەیانەوە بدەن. تکایە پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 01132476192 یان پەیوەندی بە بەشی خانووبەرەی ناوچەکەی خۆتەوە بکە.

## Leeds City Credit Union لیدز سیتی کردت یونیەن

تۆ دەتوانیت کرێکەت لە ڕێی یەکێتی کەنسڵی شاری لیدزەوە بدەیت. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە ژمارەی تەلەفۆنی 01132145252.

## ژمارە تەلەفۆنەکانی ڕێنومای دەربارەی پوڵ

| | |
|---|---|
| Citizens Advice Bureau<br>نووسینگەی ڕێنومای هاووڵاتیان<br>تەلەفۆن: 08701202450 | Money Advice Team<br>تیمی ڕێنومای پوڵ<br>تەلەفۆن: 01132476035 |
| Consumer Credit Counselling Services<br>بەشی خزمەتگوزاری و ڕێنومای کرێدت<br>تەلەفۆن: 08001381111 | National Debtline<br>هێڵی قەرزی نیشتمانی<br>تەلەفۆن: 08088084000 |

**لە بیرت بێت. کرێکە پێویستە هەفتەیەک پێشتر بدرێت.**

ئەگەر کرێکە دووهەفتە جارێک یان مانگانە دەدەیت، ئاگاداربە کە دەبێ کرێکە بدەیت لە هەفتەی یەکەمدا بۆئەوەی کە قەرزار نەبێت.

### ئایا تۆ هاوسین بەنەفێت وەردەگریت؟

ئەگەر وایە، تکایە ئاگاداربە کە بەشی خزمەتگوزاری بەنەفێتی لیدز بەهەموو داواکاریەکاندا دەچێتەوە. خۆیان بەنووسین داوای تازەترین زانیاری دەربارەی داهاتی تۆ و ئەندامانی خێزانەکەت دەکەن. بۆئەوەی کە هاوسین بەنەفێتەکەت بەردەوام بێ و قەرزدار نەبیت، تکایە وەڵامی خزمەتگوزاری بەنەفێتی لیدز بدەرەوە بە زووترین کات.
تکایە ئاگاداربە: ئەگەر کرێکەت مانگانە دەدەیت بە دایرێکت دێبت، ڕەنگە حسابەکەت هەندێک کات واپێشان بدات کە تۆ قەرزداریت. ئەمە بەهۆی سیستمی دارێکت دیبتەوە ڕوودەدات. بەڵام ئەگەر پێتوابوو شێوازی دارێکت دیبتەکە هەڵەی تێدایە تکایە دوودڵ مەبە لەوەی پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

### سەیری هاوتای کرێکەت بکە لە سەر ئینتەرنێت

تۆ دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت سەیری باری کرێکەت بکەیت و هەروەها ئەو پوڵانەی کە داوتن. ئەم خزمەتگوزاریە 7 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا فەراهەمە 24 سەعاتیش لەشەو ڕۆژێکدا. بۆ تۆمارکردن سەردانی وێبسایتی www.wnwhi.org.uk پاشان کلیکی بەشی Rent Payments Arrears و Benefit advice پاشان کلیکی

## بەڕێی بکە

**پارەدان بە دایرێکت دێبت یان ستاندین ئۆردەر تەنیا ڕێگەت پێنادا بۆ پلانکردنی دارایت بەڵام...**

### تۆ دەتوانیت 250پاوەن! یان 500پاوەن! لەکۆتایی ئابووری هەموو ساڵێکدا بەریتەوە

ساڵانە چوار دیاری دەدرێت بەو کەسانەی کە کرێکەیان بە دایرێکت دێبت و ستاندین ئۆردەر دەدەن یان کرێ قەرزدار نین. تۆ ڕاستەوخۆ بەشدار دەبیت لەو پێشبرکێیە و پەیوەندیت پێوە دەکرێت ئەگەر براوە بوویت. براوەکان ڕادەگەیەنرێن لە بڵاوکراوەی کرێنشینەکان'بەز' و بۆت پۆست دەکرێت چوار جار لە ساڵێکدا.






DIRECT Debit

پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی08009151113 بۆ ئامۆژگاری یان سەردانی نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەی خۆت بکە.

تکایە ئەم زانیاریانەی خوارەوە پڕبکەرەوە و لەزەرفە بێ بەرامبەرەکەدا (فری) بیگەڕێنەرەوە.

ئایا زانیاریەکان بەم شێوازە سوودبەخشن؟

بەڵێ/نەخێر

تکایە پێمان بڵێ ئەگەر دەتەوێت ئەم خزمەتگوزاریە بەردەوام بێ؟
بەڵێ/نەخێر

ناو:

ناوونیشان:

تۆ لەوانەیە کۆپی زیاتری ئەم نامەیەت بەئینگلیزی بەدەست بگات.